## حكومەتی داهاتووی عێراق و پێگەی سێكۆلارەكان. ... ئیبراهیم بەرزگەر

ئاكامەكانی هەڵبژاردنی پارلمانی عێراق دەریدەخەن كە خەڵكی ئەم وڵاتە زیاتر بە پێی تێبینی ئایینی و نەتەوەیی دەنگیان داوە، هەروەها ئەو پارتانەی كە خۆیان بە سێكۆلار و بان نەتەوەیی ناساندووە، دەنگێكی ئەوتۆیان نەهێناوە.
سەرەرای ئەمەش هیچ كام لە پارتە ئایینی و نەتەوەییەكان بۆ پیكهێنانی حكومەت نەیان توانیوە، زۆرینەی كورسیەكانی پارلمان بۆ خۆیان دەستبەر بكەن، هەربۆیە دەبێ لەگەڵ پارتەكانی تر هاوپەیمانی پێك بێنن. لیستی یەكگرتووی شیعە لە چاو هەڵبژاردنی پارلمانی ژانویەی ساڵی رابردوو، سەركەوتنێكی بەرچاوی بە دەست نەهێناو، هەروەها لە بەراورد لەگەڵ خولی پێشوو 17 كورسی لە دەست دا، هەربەم پێیە پێویستە لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی كوردستان كە 53 كورسی بە دەست هێناوە، بۆ دامەزراندنی حكومەت هاوپەیمانی پێك بێنێ.
بەڵام لیستی هاوپەیمانی كوردستان، لە ئەزمونی پێشووی خۆی لەگەڵ شیعەكان رازی نیە، بۆیە لە پێكهێنانی حكومەتێكی گشتگیر كە پارتە سونیەكانیش لە خۆ بگرێ، پشتیوانی دەكات. نە تەنیا لیستی هاوپەیمانی كوردستان، بەڵكوو كۆمەڵگای نێونەتەوەیش خوازیاری پێكهێنانی حكومەتێكی گشتگیرن لە عێراقدا. ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی پێیان وایە كە بەشداری كردنی هەموو پێكهاتە نەتەوەیی و ئایینیەكانی عێراق بە تایبەت سونیەكان، دەبێتە هۆی نەمانی توندو تیژی و قەیرانەكانی ئەم وڵاتە و لەم پێناوەشدا هەوڵێكی دیپلۆماسی زۆریان داوە كە گرووپە عێراقییەكان بۆ ئەم مەبەستە رازی بكەن. لە ئاكامی ئەم هەوڵانەیە لیستی یەكگرتووی شیعە پشتیوانی لە پێكهێنانی حكومەتێكی یەكگرتووی نەتەوەیی كرد.
كەواتە لیستی یەكگرتووی شیعە جگە لە لیستی هاوپەیمانی كوردستان دەبێ لەگەڵ بەرەی یەكگرتووی عێراقیش كە 44 كورسی پارلمانی بەدەست هێناوە، هاوپەیمانی پێك بێنێ. دابەش كردنی دەسەڵات لە نێوان ئەم سێ لایەنە كە هەر كامیان پێداگری لە سەر تایبەتمەندی ئایینی و نەتەوەیی خۆیان دەكەن كارێكی ئەستەمە. لەم رووەوە بێ گومان بۆ پێكهێنانی رێكەوتن لە نێوان ئەم لایەنانەدا، وڵاتە دەرەكییەكان و رێكخراوە خاوەن دەسەڵاتەكان لە عێراق، رۆڵێكی سەرەكی دەگێرن.
سەرەرای ئەمەش رەنگە رێكەوتنی ئەم سێ لایەنە لە سەر ئەو وەزارەتانەی كە بەرپرسی ئاسایشی عێراقن نامومكین بێت. لیستی یەكگرتووی شیعە بە هۆی ئەوەی كە زۆرترین كورسی پارلمانی بەدەست هێناوە خوازیاری ئەوەیە كە وەزارەتی ناوخۆ لە دەست ئەو دابێت، بەڵام كردەوەكانی "جبر سولاغ" وەزیری ناوخۆی حكومەتی كاتی عێراق وای كردووە كە سونیەكان بەم كارە رازی نەبن.
"جبر سولاغ" ئەندامی ئەنجومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی، بەوە تاوانبار كراوە كە لەو ماوەیەی وەزیری ناوخۆی عێراق بووە بە هاوكاری چەكدارە شیعەكان، گرتووخانەی نهێنی و نایاساییان دروست كردووە و سونیە نەیارەكانیان ئازار و ئەشكەنجە داوە و تەنانەت ژمارەیەكیشیان لی كوشتوون، بەڵام "جبر سولاغ" ئەم قسانەی بە ناراست زانیوە.
بە پێی ئەوەی كە ئەمریكا و سونیەكان رەخنەیان لە كردەوەكانی "جبر سولاغ" گرتووە، بە دوور دەزانرێ كە بەرەی یەكگرتووی عێراق و هاوپەیمانە نێونەتەوەییەكانی ناو عێراقیش

بەوە رازی بن کە وەزارەتی ناوخۆ بە لیستی یەکگرتووی شیعە بدرا. بەڵام رەنگە ئەم وەزارەتە بە سونیەکانیش نەدرا، چونکە ئەوانیش شیعەکان بە نەیاری خۆیان دەزانن و لەوانەیە لە وەزارەتی ناوخۆ وەك کەرەسەیەك بۆ دژایەتیی کردنی شیعەکان کەڵك وەربگرن.

پێدەچێت بۆ کردنەوەی ئەم گرێیە لە لیستی العراقیە بە رێبەری ئەیاد عەلاوی، کە کۆمەڵێك کەسایەتیی سێکۆلار لە خۆ دەگرا و هەروەها لە هەڵبژاردنیشدا توانی 25 کورسی پارلمان بۆ خۆی دەستەبەر بکات، کەڵك وەربگرن و پۆستی وەزارەتی ناوخۆی پا بسپێرن.

لە لایەکەوە بە هۆی ئەوەی کە لیستی العراقیە جێی متمانەی پارتە سونیەکانە، ئەگەری زۆری هەیە پۆستی وەزراەتی ناوخۆی پا بسپیردرێت و لە لایەکی تریشەوە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پێیان وایە لیستی یەکگرتووی شیعە کە وەزارەتی ناوخۆی لە دەست دایە، پێوەندی ئەمنیەتیی لەگەلر هێزەکانی رژیمی ئیسلامی ئێراندا هەیە، بۆیە بە باشی دەزانن کە لایەنێك جگە لە شیعەکان پۆلیس و هێزە ئەمنییەتیەکانی عێراق ئیدارە بکەن، کە لەم نێوەدا باشترین بژاردە بۆ هاوپەیمانە نێونەتەوەییەکان تاقمی "ئەیاد عەلاوی" یە کە دەمارگرژی ئایینی و نەتەوەییان نیە و لە هەمان کاتیشدا دژی دەستێوەردانی رژیمی ئیسلامی لە کاروباری ناوخۆی عێراقن.

بەم شێوەیە هەر چەند کە لیستی العراقیە نەیتوانیوە زیاتر لە 25 کورسی پارلمان بۆ خۆی دەستەبەر بکات و کێشێکی ئەوتۆشی لە پارلماندا نیە، بەڵام پێدەچێت بە هۆی ئەو هەلومەرجە تایبەتەی کە لە عێراقدا هاتۆتە ئاراوە زیاتر لەو کێشەی کی هەیەتی لە حکومەتی داهاتوو دەور بگێرا.

سەرچاوە BBC